وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ سێشەممە (30ی کانونی دووەمی 2024)، وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاگەیەنراوەیان بڵاوکردەوە: "بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستانی عێراق، 29ی کانوونی دووەمی 2024، کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاریان بۆ پرسی پێشمەرگە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ئەنجام دا".

کۆبوونەوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پێشکەوتنە بوو کە لە پرۆسەی چاکسازی لە هێزی پێشمەرگەدا بەدیهاتووە لە چوارچێوەی یاداشتنامەی لێکگەیشتنی نێوان وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا و وەزارەتی کاروباری پیشمەرگەدا و ئەیلوولی 2022 نوێ کراوەتەوە.

کۆمیتەکە ئەو پێشکەوتنانەی خستەڕوو کە بۆ چاکسازییە لە هێزی پێشمەرگەدا بەدەستهاتوون، هەروەها لەسەر خاڵە سەرەکییەکان بۆ ساڵی داهاتوو ڕێککەوتن وەک بەشێک لە پابەندیی هاوبەش و درێژخایەن بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا و بنیاتنانی هێزێکی پیشەیی و بەتوانا بۆ تێکشکاندنی یەکجارەکیی داعش.

وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە پێشکەوتنی بەرچاوی لە پرسی چاکسازی لە پێکهاتەی دارایی و هێزەکاندا بەدەستهێناوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا و وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە بۆ خۆشحاڵییەوە دەڕوانن

بەردەوامیی هەوڵەکانی چاکسازی کە لە یاداشتنامەی لێکگەیشتنی نێوان وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا و وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە لە 2022دا هاتووە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی لە گەلی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانیشەوە دەکات بۆ بنیاتنانی عێراقێکی بەهێز و سەقامگیر و خاوەن سەروەری.